عراقچی: ئەمریکا دەیەوێت بە زووترین کات ڕێککەوتن لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێراندا بکات

وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، ئەمریکا و ئێران نزیکن لە گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ناوەڕۆکی دانوستانەکەیان. دەشڵێت، ئەمریکا مەبەستێتی لە زووترین کاتدا، ڕێککەوتن لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێراندا بکرێت.

شەممە 12ـی نیسانی 2025، ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا باسی کردووەتەوە، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران دوای کۆتایهاتنی گفتوگۆی یەکەمی دانوستانی نێوان ئەمریکا و وڵاتەکەی لە مەسقەتی پایتەختی عومان، ڕایگەیاند: ئەمریکا بە زووترین کات دەیەوێت ڕێککەوتنەکی نوێ و ئێرنی لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمیی تاراندا بکات.

هەروەها ئاماژەشی دا، ئەو کارەکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە ویست و نیازپاکی هەردوو لایەنی بەشداربوو لە کبوونەوەکە هەیە.

وەزیری دەرەوەی ئێران گوتیشی: ئەمریکا و ئێران نزیکن لە گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ناوەڕۆکی

دانوستانەکەیان.

هاوکات عراقچی لە تێی کەمپاینێتی ئێکس نووسیوێتی: کەبوونەوەکەی لەگڵ ویتکۆف، لە کۆشکی ئێرینی و ڕێزگرتن لەگڵ یەکتر بەڕێوە چوو؛ ئاماژەشی داوە، لە کەبوونەوەکەدا لەسەر بنەمای هەماهەنگی زیاتر، دیدگای ئێرانی لەبارەی کۆشکان بۆ ڕوونی خستەڕوو.

دووپاتیشی کردووتەوە، ئەمریکا و ئێران بەیاریان دا، لە چەند ڕۆژی داهاتوو بە جاری دووەم کەبنەوە.

لایخۆشیەوە ستیڤ ویتکۆف، نێردەی تایبەتی دۆناڵد ترەمپ بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هایگەیاند، دووپاتی کردووە کە دانوستانەکە لەگڵ ئێران ئێرێنی بوو؛ هاوکات گوتیشی: بەر لە بڕیارەوە چوونی قەناغی دووەمی دانوستانەکە، هاوڕۆز لەگڵ ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەکەم.